# تاسە

**نووسینی: نەجیبە ئەحمەد**

**نووسینەوەی: خالید**

دەورگێڕەکان:

| | |
|---|---|
| پوورە لەیلا | ژنێکی پیری شێت نوێن |
| منداڵەکان | منداڵانی ئاوایی |
| پیاوی1 | |
| پیاوی2 | |
| پیاوی3 | |
| عەوڵا | کوڕی پوورە لەیلا و مێردی خانزاد |
| پیاوی4 | |
| حاجی وسو | باوکی خانزاد |
| مامە قالە | مجێوری مزگەوت |
| کاڵێ | کچی پوورە لەیلا |
| مامۆستا ژن | |
| دادە تووبا | دایکی خانزاد |
| خانزاد | ژنی عەوڵا و بووکی پوورە لەیلا |

## حەیران

خۆزیا گوڵێ بام لە گوڵی نەورۆزێ
شین ببام لە سەر کێوی عەرەفات رۆژێ
عالفەی وەکی خێوەتی حلجیان هەڵدەدا
لەو مەقامی عەرەفات لە ناو غوبار و تۆزێ
ئەی گەلی موسڵمانان دەیاڵڵا بە عام بچینە خزمەتی
شاهی مەدینە ئەحمەدی موختار

# 1

**دیمەن:** ڕێی سەیرانی پاڵ ئاوایی. مناڵانی ئاوایی بە بووکە بارانێوە لە لای چەپی شانۆوە دێنە ژوور و هاوکات لە لای ڕاستی شانۆوە پوورە لەیلا کە تۆنگێ ئاوی چەسپاندووە بە سینگیەوە دێتە ژوور.
مناڵان بەرەو ئاوایی ئەڕۆن و پوورە لەیلا بەرەو گۆڕستانی ئاوایی. مناڵان بە بێ ئەوەی سەرنجی پوورە لەیلا بدەن بەردەوام ئەخوێنن:
مناڵان: بووکە بارانێ ئاوی ئەوێ
ئاوی ژێر دارانی ئەوێ
دەرزی گەورە کچانە ئەوێ
بووکە بارانێ ئاوی...
وە لە لای ڕاستی شانۆوە ئەچنە دەرێ و تا ماوەیەک دەنگیان دێت کە بەرە بەرە کز ئەبێت. پوورە لەیلا هەر کە چاوی بە مناڵان ئەکەوێت تۆنگەکەی توندتر ئەچەسپێنێ بە سینگیەوە و ئەیەوێ لە مناڵەکانی بشارێتەوە و تا ماوەیەکیش پاش کۆتایی هاتنی دەنگی مناڵان هەر نایەتەوە بە خۆیا.
پاشان وەک کەسێ لە خەوا بڕوات، دەبەنگ و کاس هەنگاو هەڵدەگرێ. لە هەنگاوی دووەمدا دەبینێ پیاوانی ئاوایی لە گۆڕستان خەریکی داننەوە گۆڕی دوا مردوی ئاوایی یانی کاڵێی کچی ئەون. عەولّآ کوڕی پوورە لەیلا لە ژێر نمامی سەرگۆڕەکە پاڵی داوە بە کێلی گۆڕەکەوە. چەن پیاوێ پاچ ئەکوتن و چەن کەسێکیشیان بە بێڵ خاکی گۆڕەکە لا ئەدەن.
**پیاوی1**: ( بە یەکێ لە پاچ بەدەستەکان) مانوو بووی. ئەو پاچە بە بە من.

( پاچەکە وەر ئەگرێ و خۆی پاچ کوتان ئەبێ. کابرایش خەریکی سیغار پێچانەوە ئەبێ)
**پیاوی2:** ( بێڵ بە دەست لە عەوڵا نزیک ئەبێتەوە) هەسە پیاو. یاریەێکمان بە.
**عەوڵا:** ( هەڵئەستێ) ئۆف... رۆژگار...
**پیاوی2:** چاو کە هەموو دەر و دەشت سووتاوە. مەڕ و ماڵاتمان گشت هاتن بە لادا.
**عەوڵا:** ئاسمانە و چاوی لە حەنامانا نوقاندووە.
**پیاوی2:** وتەی پێشینیانە، کاتێ مردوو کفنەکەی خۆی ئەجاوێ ئاسمان کسپە لە جەرگیەوە دێ و تف لە دەمیا ووشک ئەبێ...
**پیاوی3:** ( پاچ دائەنێ) عەوڵا گیان چیبکەین؟! خێر و خێرات و بووکە بارانێ و دۆعا و نزا هیچ ئیفاقەیەکیان نەبوو... ناچار چووینە خزمەت مامۆسا و ئیزنی دانەوەی گۆڕی دوا مردووی ئاواییمان لێ وەرگرت. بەشکەم ئەم قات و قڕییە نەمێنێ.
**عەوڵا:** کاڵێی نازاری دایکە کوڵۆڵەکەم.
**پیاوی1:** ئەو کێلە ... ئەو کێلە بگرن( کێلەکە لا ئەبەن. قەبر تەواو دراوەتۆ پیاوەکان شڵەژاو ئەکشێنۆ...)
**پیاوی4:** خۆ ئەوە کفن نەکراوە...
**پیاوی2:** چۆن غەزەب ناوارێ... ئەوە هەر بە جل و بەرگەوە بە خاکیان سپاردە.
**عەوڵا:** کراسە مۆرەکەی، سوخمە سەوزەکەی. کاڵێ گیان!
( کاڵێ لە گۆڕا هەڵئەستێ. گشت گیانی ئاوی لێ ئەتکێ)
**پیاوی3:** ریشەی نمامەکە لەسەر سینگیەتی.

**پیاوی4**: ئەڵێی لە بووکە بارانێ گەڕاوەتۆ... گشت گیانی ئاوی لێ ئەتکێ...

( پیاوەکان پاچ و بێڵ هەڵئەگرن و دەوری کاڵێ ئەگرن. ئەڕازێنەوە کە لێی دەن پوورە لەیلا یەک بە خۆ هاوار ئەکا)

**پوورە لەیلا**: ( هاوار ئەکا) نا... کاڵێ گیان...

( پیاوەکان و کاڵێ و گۆڕ مەحو ئەبنەوە و پوورە لەیلا دەستی بە تۆنگەکەوە شل ئەبێ و تۆنگەکە نزیکە بدرێ بەعەرزا و یەک دوو چۆڕ ئاوی لێ ئەڕژێ. پوورە لەیلا دێتەوە بە خۆیا. تۆنگەکە ئەچەسپێنێتەوە بە سینگیەوە و ئەڕوانێتە چەن دڵۆپە ئاوی رژاو کە بە گەروی شەقارێکدا رۆیشتووە و هەر دیاریش نییە. سەرێک بەرەو ئاسمان بەرز ئەکاتەوە و دیسان ئەڕوانێتە شەقارەکە.)

**پوورە لەیلا**: ئەزانم تینووتانە... بەڵام ئەی نمامەکە!! ئەی نمامەکە چی لێ بکەم؟! ( ئاخێک هەڵئەکێشێ) نمامە ئازیزەکەی کاڵێی شیرینم چاوەروانە ئاوی بۆ ببەم. ئا... لێوەکانی... لێوەکانی کاڵێ ریشەی عومری منن، بانگم ئەکەن. داوای ئاوم لێ ئەکەن... ئاو...ئاو... چۆن بتوانم بێ ئاوی بکەم؟...( ئەیەوێ بڕوات، وەک بانگی لێ بکەن ئاوڕ ئەداتەوا و وەک وڵامی کەسێک بداتەوە): ها؟! پیت و بەرەکەتی تێ ئەکەوێ؟! جا... ئاخر... باشە ... خۆ منیش زۆرم پێخۆشە. پێم خۆشە ببێتە دارستانێکی چڕ با نمامەکەی کاڵێ گیانم تەنیا نەبێ... تەنیایی ئێجگار سەختە... تەنیایی هەر بۆ خوا باشە... دەهانێ... ئەوە بەشی تۆ...( یەک دوو قوڵپ ئاو ئەکاتە ناو شەقارەکەوە، شەقارێکیتر) ئەمەیش بەشی تۆ...( ئەڵێی شەقارەکان

بانگی ئەکەن، شەقارێکیتر) ئەوە هاتم ... ئەمەیش بەشی تۆ... بەسەر هەر دووک چام... وا گەیشتم... ئێستا دێم...( بە سێوەی سەمایەکی ئێجگار ناسکی سێحراوی بە گشت شەقارەکاندا ئەگەڕێ و بە هەر شەقارێ نەختێ ئاو ئەدات. ئاو تەواو ئەبێ و بە پەلە بۆ هێنانی ئاو لە شوێنی هاتنیەوە ئەگەڕێتەوە)

# 2

**دیمەن**: ژووری ماڵی عەوڵا. خانزاد و دادە توبا و مامۆستا ژن دانیشتوون و خەریکی قسەن.

**مامۆستا ژن**: ئەمە نەهامەتیە...

**خانزاد**: مامۆستا ژن**!** منیش ئەزانم ئەمە نەهامەتیە و درگای پێگرتووین. ئاسمانەو لێمان چووە بە قینا. ئەیشزانم بە هەرچی چارە بکرێ، نابێ درێغی لێ بکەین. بەڵام ئاخر چۆن شتی وای پێ بڵێم؟**!** ئێوە خۆتان بنێنە جێی من، چون شتی وای پێ حاڵی کەم؟**!**

**دادە توبا**: رۆڵەکەم**!** خۆت ئەزانی تا ئەم حاڵ و وەزعە نەبوو، تەواوی ژنی تایفە، هەرچی راوتەکبیرمان بوو، لای براژن بوو. شاژنی ناومان بوو. ئیسەیش خۆ ئێمە نامانەوێ برینەکانی بەینە بەر نەشتەر، ئەڵێین تۆ لە ماڵەکەدای، بە جۆرێ، بە عەقڵی خۆت، قسەی لەگەڵا بکە ی بەڵکوو...

**خانزاد**: دایە گیان**!** خۆت ئەزانی ئامۆژن ئیسە لە دنیایەکیترایە. شەو و رۆژ خەریکی تاو توێی خەمەکانیەتی و گوێی بیستنی هیچ شتێکی نییە. دنیای ئەو بووە بەو تاقە نمامە. ئامادەیە سۆمای چاوەکانیشی بەو نمامە ببەخشێ... کێ ئاگای لە کێیە... بەخوا ئاو لە قورگی مناڵم ئەگرمەوە بۆ ئەو نمامە، هەر بۆ ئەوەی ئامۆژن دڵی بی سێتەوە. ئەونەیش دڵی ناسکۆ بووە وەک مناڵەی لێ هاتە. من چۆن بتوانم شتی وای لا بدرکێنم. با دشەزایشی خزمیشی بم هەر ناوم بووکە. هەر ئابڕوو و حەیام ئەچێ...

**مامۆستا ژن**: خانزاد گیان! راس ئەکەی. ئەویش ناحەقی نییە. ناشکوری نایەژم... ئەوە برا. ئەوە مێرد، ئەوە کوڕی گەورەی، ئەوە کاڵێی ناکام... بەڵام چیبکەین؟ ئێمە چیمان لە دەس دێ. چیمان دەسەڵاتە...
( دەنگی عەوڵا دێ)

**عەوڵا**: ( لە دەرەوەی شانۆ) دەک بە سننانت بێ تەوەزەل.

**مامۆستا ژن**: دادە توبا، ئەوە عەوڵایش هاتۆ. من ئەبێ بڕۆم.

**دادە توبا**: پەلە مەکە مامۆسا ژن، منیش لە خزمەتتا دێم. ( هەڵئەستن) خانزاد گیان! ( عەوڵا دێتە ژوورەوە)

**عەوڵا**: سەلامون عەلەیکوم.( دادە توبا و مامۆستا ژن وڵامی سەلامی ئەدەنەوە و ئەیانەوێ بڕۆن.)

**عەوڵا**: ئەوە بۆ کوێ. مامۆسا ژن! خاڵۆ ژن! دانیشن خۆم ئەچم بە دوای مامۆسا و خاڵۆما...

**مامۆستا ژن**: یارەبی ماڵتان نەشەوێ. ئەشێ بڕۆم. جارێ خواحافیز.

**خانزاد**: سەر هەر دووک چاوم

**دادە توبا**: رۆڵە گیان لە بیرت نەچێ.

**عەوڵا**: دە خاڵۆ ژن! تۆ بۆ کوێ؟

**دادە توبا**: عەوڵا گیان ئێجگار کارم هەیە.

**خانزاد**: باشە دایە گیان! بزانم چۆن ئەبێ.

**عەوڵا**: بە خێر چن( مامۆسیا ژن و دادە توبا ئەڕۆن و خانزادیش روانەیان ئەکات و پاش ماوەیەکی کورت ئەگەڕێتەوە. عەوڵایش خەریکی جگەرە پێچانەوەیە)

**خانزاد**: بۆ توڕە بووی؟!

**عەوڵا**: کەی؟

**خانزاد:** ئەوە نەبوو هاتیتەوە...
**عەوڵا:** تارای تەوەزل نییە؟
**خانزاد:** چی کردووە؟!
**عەوڵا:** تۆنگێ ئاوی رژاند، کەچی؟!! توونیەتی.
**خانزاد:** ئاخر کابرا! منداڵ چوزانێ بە حەسیب و کەتێب ئاو بخواتەوە... ئەو کەی ئەوە تێئەگات کە چەند وەختە جامێ ئاو بەو لەش و سەرەمان نەکەوتووە، جلەکانمان هەر لە بەرمانا بوون بە پڵاس ، مێش و مەگەس خەریکە چاومان دەر ئەهێنێ. نەخۆشیی بە راس و چەپ لێمان ئەخات...
**عەوڵا:** راس ئەکەی. بەڵام چیبکەم بە دەس خۆم نەبوو...
**خانزاد:** ناحەقت نییە. سەرقەبران لە ئاوایی، ئاوەدانترە...
**عەوڵا:** پیاو سەیری دەر و دەشت ئەکا، سامی لێ ئەنیشێ، دار و دەوەن هەر بە پاوە سووتاون. خاک هەر قلیشێکی پیاوێک قووت ئەدا.
**خانزاد:** با تا زووە چارێکی خۆمان بکەین.
**عەوڵا:** چیبکەین؟
**خانزاد:** نازانم، بەڵام تاکەی شەو و رۆژ چاو بڕینە ئاسمان؟ تاکەی خەو بە پەڵە هەور و نمە بارانەوە ببینین.
**عەوڵا:** روو لە کوێ بکەین؟!
**خانزاد:** ئەی ئاخر ئەوە کەی ژیانە؟! سێ رۆژە ئەو تۆزە ئاوە ئەخەمە گەنجینەکە و درگای لێ قوڵف ئەکەم. بێ قەزابێ ناڵێ تەڕایی لێوی منداڵەکانم. هەر دەرفەت بێنێ دەبەکەی لێ پڕ ئەکاو ئەیبا.
**عەوڵا:** خانزاد گیان! حەوسەلەت بێ.

**خانزاد:** حەوسەلەم هەیە. وەڵڵا من ئامۆژنم لە تۆ خۆشتر ئەوێ، بەڵام کەی ئاو خراوەتە قوڵف و کلیلەوە؟
**عەوڵا:** پاش کاڵێ، دایکم بە تەواوی گۆڕدرا.
( لە درگا ئەدەن)
**خانزاد:** عەوڵا هەسە بزانی کێیە!
**عەوڵا:** ( روو لە دەرەوەی شانۆ) وا هاتم( ئەچێ درگا کاتەوە و پاش ماوەیەکی کورت لەگەڵ حاجی وسوی باووکی خانزاد ئەگەڕێتەوە)
**خانزاد:** سەلام بابە.
**حاجی وسو:** سەلام کچم
**خانزاد:** بە خێر بی.
**حاجی وسو:** سەلامەت بی کچم.
**عەوڵا:** فەرموون، یاخوا بە خێر بێن.
**حاجی وسو:** کاتی دانیشتن نییە، عەوڵا کوڕم! دایکتان هاتەوەتەوە؟
**عەوڵا:** نەخەیر. زۆر جار کەوتووەتە درەنگ، بەڵام ئاوا ، نا.
**خانزاد:** چ بووە؟
**حاجی وسو:** سەیرە. خۆر ئاوا بوون دوو سێ مناڵ لە گردی شێخ محی‌الدین دیویانە. دەبەیەک ئاوی پێ بووە و کردویەتە قلیشەکانی زەوییەکەوە. مامە قالەی مجێوریش لە سەر بانی مزگەوتەکەوە چەند جارێک چاوی لە تارماییەک بووە کە خۆی کردوە بە ماڵی ئێوەدا( خانزاد بە پەلە را ئەکات و بە شڵەژاوی ئەگەڕێتەوە)
**خانزاد:** ئاو مانا بێ لە گەنجەکەدا نەماوە.
**حاجی وسو:** کە واتە خۆی بووە...

**خانزاد**: تەڕایی ئاو لە ماڵمانا نەماوە.
**عەوڵا**: یانی...
**حاجی وسو**: بۆ راوەستاون، شەو ئێجگار درەنگە. پوورە لەیلا چاوی باش نابینێ. لە سەوێکی وا ئەنگوستە چاوا تاک و تەنیا، بەڵایێ دێ بە سەریا.
**عەوڵا**: هەر ئێستا ئەچم بە دوایا.
**حاجی وسو**: منیش دێم. مامە قالەیش ئەبەین.
**عەوڵا**: نا پێویست ناکا خۆم ئەڕۆم.
**حاجی وسو**: رۆڵە. لە تاریکە شەوا شەش چاو باشترە لە دوو چاو
**عەوڵا**: خانزاد. ئەو لەنتەرە بێنە.
( خانزاد بۆ لەنتەر ئەچێ و حاجی وسو و عەوڵایش بە دوایا ئەچنە دەرۆ)

**دیمەن**: گۆڕستان
( تاریکە شەوە و عەوڵا و حاجی وسو و مامە قالە بە لەنتەرێکەوە دێن بۆ گۆڕستان. لەنتەر ئەکوژێتەوە)
**عەوڵا**: تف لە جسناتو...
**حاجی وسو**: چ شەوێکە . چاو چاو نابینێ
**مامە قالە**: من شەمچەم پێ بوو.
( پوورە لەیلا دەبەیەک ئاوی بە دەستەوەیە و بە سەمایەکی ئێجگار رێک و پێک ئاو بە عەرزا ئەکات و بەرز ئەخوێنێ)
**پوورە لەیلا**: هەیاران و مەیاران
یا خوا داکاتە باران
بۆ فەقیر و هەژاران
گەنم سەوز بێ لە جاڕان
( شەمچە هەڵدەکەن و لەنتەر رۆشن ئەکەن. گەییشتوونەتە سەر گۆڕستان. لە سەر گۆڕی کاڵێ. پوورە لەیلا باوەشی بە نمامەکەدا کردووە، بە پەلە بەرەولای ئەچن.)
**عەوڵا**: دایە. دایە گیان. دایە.
**حاجی وسو**: دەمێکە ساردۆ بووە.
**عەوڵا**: نا...
**حاجی وسو**: اناالله و انااليه راجعون
**مامە قالە**: یارەبی خوا عافووی کات( عەوڵا ئەگری)
**حاجی وسو**: عەوڵا**!** رۆڵە خێرا لەگەڵ مامە قالە بڕۆن و تابووتێ بێنن.
**عەوڵا**: ( بە گریانەوە) نا خاڵۆ گیان. دایکم بەجێ ناهێڵم

**حاجی وسو**: کوڕم! خۆ تۆ مناڵ نیت. زووبە لەنتەرەکە هەڵگرە و خێرا بڕۆن و خەڵکیش ئاگادار بکەن( ئاسمان چەخماخە ئەدات) زوو بن.
**مامە قالە**: عەوڵا گیان با بڕۆین
**عەوڵا**: باشە ( عەوڵا و مامە قالە بە لەنتەرەوە ئەگەڕێنەوە. ئاسمان چەخماخە ئادات و باران ئەبارێ)
**حاجی وسو**: لاحەولا ولا قوەتە ئیلا بیلا و هو العلی العظیم. ماشاالله لە کەرەم و رەحمەتی خوا. بێ دڵی پوورە لەیلای نەکرد و نمامەکەی پوورە لەیلای بێ ئاو نەکرد.

**کۆتایی**

Filename: tase.doc
Directory: F:\Documents and Settings\xalid\My Documents
Template: F:\Documents and Settings\xalid\Application Data\Microsoft\Templates\Normal.dotm
Title:
Subject:
Author: dilax
Keywords:
Comments:
Creation Date: 7/30/2009 1:52:00 PM
Change Number: 1
Last Saved On: 7/30/2009 2:08:00 PM
Last Saved By: dilax
Total Editing Time: 16 Minutes
Last Printed On: 3/21/2007 11:41:00 PM
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 13
Number of Words: 1,649 (approx.)
Number of Characters: 9,403 (approx.)